# دینامیزمی فەرهەنگی وەک پێویستییەک:

# چەند سەرنجێک لەسەر ئەرکی دەزگا ئولگووسازەکان

بەختیار سەجادی

## هێوربوونەوەی کۆمیک یان قەشمەری؟

لە دیمەنی یەکەمی پەردەی پێنجەمی شانۆنامەی *هەملێت*-دا ڕووبەڕووی وتووێژی نێوان هەملێت و دوو گۆڕهەڵکەن دەبینەوە کە بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە و کۆمیک ئاوڕ لە کۆمەڵێ بابەتی جیدی دەدەنەوە. ئەم دیالۆگە نموونەیەکی شازی ناو بەرهەمە تراژیکەکان نییە چونکە لە دیمەنی سێیەمی پەردەی دووەمی شانۆنامەی *مەکبێس*-دا بارەبەرێکی مەست و کەلەلا دەردەکەوێت کە لە دوای ڕووداوی کوشتنی پاشا، کە تەوەری سەرەکیی ئەو شانۆنامەیەیە، دەست دەکاتە جەفەنگبازی و درکاندنی قسەی پێکەنینی. دیمەنە هاوشێوەکانی ئەو نموونانەی سەرەوە لە تراژێدییەکانی تریشدا وەبەرچاو دەکەون کە نموونەی ئاشکرای ئەو جۆرە کەسایەتییانە بریتییە لەو گەمژە زۆرزانەی شانۆنامەی *شالیر* کە لە کاتی خەمباریی پاشادا کۆمەڵێ وتەی سەیروسەمەرە دەردەبڕێ. ئەم تەکنیکە لە شانۆنامە تراژیکەکاندا بە «هێوربوونەوەی کۆمیک» ناسراوە کە مەبەست لە بەکارهێنانی بریتییە لە ڕەواندنەوەی دڵەخورپێی بینەری ئەو شانۆنامەیە بە تایبەت لە ساتەوەختە هەستیارەکاندا و، زیاتر دەوری «پشووی پێکەنین» دەگێڕێت. بە واتایەکی ڕوونتر، تراژێدیی کلاسیک و تەنانەت بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی جیدی و هاوچەرخیش، لە پێناوی حەوانەوەی خوێنەر و بینەردا و بە مەبەستی ئەوەی کە خوێنەر تووشی گوشاری دەروونی نەبێت، لە ساتە هەرە گرنگەکانی چیرۆکەکەدا کە تێیدا مژارێکی زێدە هەستیار و چارەنووس‌ساز دێتە ئاراوە، کۆمەڵێک ماکە و هێمانی کۆمیک لە خۆ دەگرن. بۆ نموونە، یەکێک لەو ڕەخنانەی بەردەوام لە فیلمی *شین*، بەرهەمی کیشلۆڤسکی، گیراوە ئەوەیە کە ئەو فیلمە لە تێکڕای دیمەنەکانیدا بەردەوام جیدییەت و قووڵایی زامی دەروونیی کەسایەتیی سەرەکیی بەرهەمەکە دەنوێنێتەوە بەبێ ئەوەی تەکنیکی هێوربوونەوەی کۆمیک بە کار بهێنێت. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی نەک هەر بینەری ئاسایی، بەڵکوو تەنانەت هەندێ توێژەری بواری فیلمناسیش لە فێستیڤاڵی کەن-دا تووشی ئاڵۆزی و شڵەژاویی دەروونی بوون.

نەک هەر لە تراژێدیی کلاسیکدا، بەڵکوو تەنانەت لە کۆمیدییەکانی سەردەمی ئێلیزابێت-دا، کۆمەڵێ کەسایەتیی کۆمیک بە شێوەی جیاواز لە کەسایەتییەکانی تر دەردەکەون کە بە نێرین و سەرنجی ڕاچەڵەکێنەری خۆیان دەبنە هۆی چوونەسەری ئاستی جیدییەت و تەنانەت ئەدەبییەتی ئەو

بەرهەمە کە لە ئاکامدا لە بەرهەمێکی ئاسایی و مامناوەندی جیای دەکاتەوە. نموونەی ناسراوی ئەو جۆرە کەسایەتییانە لە بەرهەمەکانی شێکسپییەردا کەسێکی کورتەباڵای خرپنی فشەکەرە بە ناوی فاڵستاف، کە لە زۆربەی دیمەنەکانی شیکسپییەردا دەردەکەوێت و بە بافیش و گوتەی تیزاوییەوە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. ئەم جۆرە دیمەن و کەسایەتییانە، هەر تەنیا تایبەت بە شانۆنامە تراژیک و کۆمیکەکان نین، بەڵکوو لەو بەرهەمانەشدا کە دڵدارانە و ڕۆمانتیکن، دەکار دەگیردرێن. نموونەی هەرە ئاشکرا بۆ ئەم بابەتە، بریتییە لەو پەرستیارە بەساڵاچووەی کە لە شانۆنامەی *ڕۆمێئۆ و ژوولییێت*-دا دەور دەگێڕێت. بێجگە لەمانەش، لە نێوان پەردەکانی شانۆنامە کلاسیکەکاندا و بەتایبەت لە سەردەمی شانۆنامەنووسی گەورە، وێبستێر-دا، کۆمەڵێک شانۆکاری ئاست‌نزم و ئاماتۆر، دەستیان دەکرد بە نواندنی جۆرێک لە شانۆنامە کە بە «نێوانپەردە» ناوبردە دەکرا و تەژی بوو لە جووڵە و گوتەی گشتی و پێکەنینی. دیارە مەبەست لەم نواندنە، ئامادەکردنی هەست و زەینی بینەر بوو بۆ بینینی درێژەی شانۆگەرییە سەرەکییەکە و تاقی‌کردنەوەی ئەزموونێکی نوێ و جیدی.

**بژیت باختین!**

کاتۆلیسیزم وەک تاقە ئایینزای زاڵ و بەربڵاوی مەسێحییەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، جێگە و پێگەیەکی بەرز و تاقانەی بۆ پاپ دابین کردبوو. لەم سەردەمە تاریکەدا کەس بۆی نەبوو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لە دەسەڵاتی ڕەهای پاپ و قەشە ئاست‌بەرزەکان بگرێت. باختین ئاماژەی بۆ دەوری دیمەن و کەسایەتیگەلی کۆمیکی ناو کارناڤێلەکانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئورووپا کردووە نەخاسما ئەو کاتەی ڕەخنەی بنچینەیی لە شێوازی کۆمیکدا بەرەوڕووی سیستەمی پاوانخوازانەی پاپایەتی دەکەنەوە.

بە هاتنەئارای سەردەمی ڕۆنێسانسەوە، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بەرودوایی بوونەوەرەکانی ناو «زنجیرەی گەورەی بوون»دا ڕووی دا. دەسەڵاتدارانی سیاسیی ڕۆژئاوای ئورووپای سەدەی شانزەهەم کە زیاتر ڕوویان لە بزووتنەوە ئایینییە دژەکاتۆلیکەکان بوو، بوون بە خاوەنی هەمان جێگە و پێگە کە پێشتر تەنها بۆ پاپ تەرخان دەکرا. یەکێک لە ژانرە شانۆییە بەرچاوەکانی وێژەی فەرەنسی و ئینگلیسی لەو سەردەمەدا بە «فارس» ناو دەبرێت کە جۆرێکە لە کۆمیدیی پڕ لە جووڵە و ڕووداوی سەیری پێکەنینی. باختین کە ویستی لە زانکۆ دەست بکاتە نووسینی تێزی دوکتۆرا، بەرهەمی یەکێک لە فارس-نووسە بەناوبانگەکانی وێژەی فەرەنسیی بۆ لێکدانەوە هەڵبژارد کە ناوی ڕابێلێ بوو. ناونیشانی ئەو بەرهەمەی لەم داڵغەیەی باختین کەوتەوە، *ڕابێلێ و جیهانەکەی* بوو کە تێیدا قامکی لەسەر ڕەخنە تەنزاوییەکانی ڕابێلێ دانا لە دەسەڵاتی تاک‌ڕەهەندیی پاشا و دەربارییەکان.

## تەنز کامەیە؟

تەنز، تارۆز، تیز، تیر، توانج، تانە، تەشەر، تەوس، لاتاو، هەجو، تیتاڵی، گاڵتە، گەمە و جەفەنگ سەرومڕ پێکەوە تەکنیک و شێوە و تەنانەت چەشنگەلی جیاجیای ئەدەبی و یا خود گشتی پێک دەهێنن کە هەر کامیان خاوەن پێناسە و دەلالەتی تایبەت بە خۆیانن و تەنانەت بە سەر چەندین لقوپۆپی بچووکتریشدا دابەش دەکرێن. بۆ نموونە، تەوس چەندین شێوەی جیاواز دەگرێتەوە، وەکوو تەوسی سووک، تەوسی ڕەش، تەوسی کۆمیک، تەوسی سوقراتی، تەوسی قەدەر، تەوسی زمانی، تەوسی دراماتیک، تەوسی بارودۆخ و تەوسی ڕۆمانتیک.

ئاخۆ شانۆکارانی ئەم ناوچەیە، بە پرۆفێشناڵ و ئاماتۆرەوە، چەندە ئاگاداری پۆلێنبەندیی ژانرە کۆمیکەکان هەن؟ ئایا لە کوێدان ئەو دەقە شانۆییانەی سەرنجی توێژەرانی زمان و وێژەی کوردی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن؟ ئایا تا کەنگێ بڕیارە تەماشاڤانی شانۆگەریی ناسەیداکارانە بین؟ ئایا تەنزە سەرەکییەکە ئەوە نیە کە شانۆنامەی فارسی بە ناوی وێژەی کوردییەوە لەسەرمان دەبنە ماڵ ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی کە نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەرەکە کوردن؟ ئایا تا کەنگێ کاری شانۆیی بە ناوی کۆمەڵێ کەسی دوور لە زمانی کوردییەوە تاپۆ دەکرێ؟ ئایا بەردەنگی کورد شیاوی خویندنەوەی شانۆنامەی جیدیی کوردی نییە؟

## دینامیزمی فەرهەنگی و دەزگای ئولگووساز

مەبەستی من لە دینامیزمی فەرهەنگی نەک ئەو تیۆرییە بەناوبانگەیە کە هەر بەم ناوەوە ئاراستە کراوە و نەک دینامیزم بە مانا لایبنیتزییەکەی. بە زمانێکی سادە لێرەدا مەبەست، فەرهەنگی بگۆڕ و بەگوڕە کە بە هۆی چالاکی و بزۆزییەوە و لە سۆنگەی بەرهەمهێنانی گیانی ڕەخنەکارییەوە هەردەم خەریکی خۆتازەکردنەوەیە. لە ڕوانگەی منەوە دەزگای ئولگووساز، وەک پێشتریش بە نووسین پێناسەم کردووە، ئەو ناوەند و داموەدزگا فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەدەبی و هونەریانە ئەگرێتەوە کە وەک دامەزراوەیەک و بە بۆنەی بەربڵاویی کارەکانیەوە و بە هۆی بەرفراوانبوونی دەڤەری کارتێکەرییەوە زۆرترین شوێنپەنجە بەسەر سوبژێکتیڤیتەی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەوە بەجێدەهێڵی. گەر بمەوێ نموونەیەکی ئاشکرا بهێنمەوە، دەبێ قامک بخەمە سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن. گەرچی لای ئێمە بەردەوام باسی گەڵاڵەبوونی ڕای گشتی لە لایەن ڕاگەیاندنەکانەوە دەکرێت، بەڵام ئەوەی بە لای منەوە گرنگە پێوەندیی نێوان ڕای گشتی و ئایدیۆلۆجییە کە بە چ شێوەیەک یەکتر بەرهەم ئەهێننەوە و سوبژێکتیڤیتە لەم نێوەندەدا چ دەورێک دەگێڕێ.

**شانۆ: ڕۆحت شاد مامۆستا گۆران!**

کاتێ خوێندکاری کارناسی بووم، لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووم لە سالی ٢٠١٨دا ڕێوڕەسمێک بۆ یادی سەدسالەی نووسینی یەکەم شانۆنامەی کوردی بەڕێوە بچێت؛ ٢٠١٨ هات و کەس لە هیچ دەزگا و کەناڵی ڕاگەیاندن و لە هیچ شوێنێکدا ناوی نەبرد و ئاوڕی لەم پرسە نەدایەوە. بە هاوکاریی کۆمەڵێ خوێندکاری دڵسۆزی زمان و ئەدەبی کوردی، ڕێوڕەسمێکی شکۆدارمان لە زانکۆی کوردستاندا بەڕێوە برد بە ناوی جێژنی سەدەمین ساڵیادی نووسینی یەکەم شانۆنامەی کوردی. ئەوەی جێگەی سەرسووڕمان بوو بۆ من، ئەوە بوو کە ژمارەی شانۆنامە بە شێوەزارە کوردییەکان، بێجگە لە سۆرانی و کرمانجی، زۆر کەم بوو. ئەمە بەو مانایە نییە کە شانۆنامە لە سۆرانی و کورمانجیدا جێگەیەکی بەرچاوی هەیە، چونکە تەنانەت لەو دوو زاراوەیەشدا کاری جیدی کەم کراوە. بۆ ئەو ڕێوڕوسمە، لە شێوەزار و بنزارەکانی تردا، شانۆنامەمان وەکوو دەقی نموونەیی هەڵبژارد و دانەرەکانمان خەڵات کرد، بەڵام ژمارەی سەرجەمی ئەو دەقانە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر زۆر کەمتر بوو لە ئاستی چاوەڕوانی!

خاڵێکی سەیر بۆ من کە وا دیارە هێشتا بۆ بەشێکی زۆری خوێندەواران ئاساییە، ئەوە بوو کە ئێمە لەو فێستیڤاڵەدا لە چەندین لایەنەوە لە ژێر گوشاردا بووین بۆ ئەوەی لە کۆمەڵێ دەرهێنەر و شانۆنامەنووس و ئەکتەری کورد ڕێز بگرین. هیچ کام لەو بەڕێزانە، تا ئەم ساتەشی لەگەڵدا بێت، نەیانتوانیوە شانۆنامەیەک بە کوردی بخولقێنن و بەشێکی زۆریان بە فارسی دەینووسن و خەڵکێکی تر وەریدەگێڕن. ڕاستە لە ناو کورددا کۆمەڵێ پسپۆڕ و شارەزای شانۆ هەڵکەتوونە، بەڵام ئێمە مەبەستمان تەنها ئەو کەسانە بوو کە شانۆنامەیان بە کوردی داناوە. نموونەی ئاشکرای ئەم باسە، لە ژانرە ئەدەبییەکانی تردا جەماعەتێکی زۆری بە خۆوە سەرقاڵ کردووە. مەنسوور یاقووتی، عەلیئەشرەف دەرویشیان، مەحیەدین زەنگەنە، ئیبراهیم یوونسی، سەلیم بەرەکات، شێرکۆ فەتاح و یاشار کەماڵ گەرچی داهێنەری گەورەی کوردن و بەشێکی بەرچاوی بەرهەمەکانیان گرێدراوی شوێنکاتی جڤاکێکی کوردییە بە کەسایەتیی کوردیشەوە، بەڵام ئەو بەرهەمانە ناچنە خانەی ئەدەبی کوردییەوە، چونکە بە زمانی کوردی نەنووسراون.

پاش بەڕێوەچوونی جێژنی سەدەمین ساڵیادی نووسینی یەکەمین شانۆنامەی کوردی، خێرا لێرە و لەوێ کاردانەوەکان سەریان هەڵدا. ئەگەرچی هەڵوێستە ئەرێنییەکان پشکی شێریان بەرکەوتبوو، بەڵام کۆمەڕێ ڕوانگەی دژکارانەش هاتنە گۆڕێ. بۆ نموونە، کەسێک نووسیبووی یەکەم شانۆنامەی کوردی ئەو شانۆگەرییە بوو کە گروپێکی شانۆیی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا وەکوو نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا نواندیان. دیارە من پێم ناکرێ وڵامی هەموو ڕەخنەیەک بدەمەوە کە بەداخەوە ژمارەشیان کەم نییە، بەڵام خۆشبەختانە چەند کەسێک بە تێروتەسەلی وڵامێکی

باش و گونجاوی ئەو بۆچوونە ناڕاستەیان دایەوە و بە دروستی دەریان‌خست کە ئەو شێوە ڕوانینانە چەندە دوورن لە بابەتی بەرباسەوە. لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم کە شانۆگەریی ناوبراو، بە کوردی نەهاتووەتە نواندن و هەر بۆیەش کەس تا ئێستا تەنانەت یەک دێڕی کوردیی ئەو شانۆگەرییەی نەبینیوە و کەواتە ناکرێت ناوی شانۆنامەی کوردیی لەسەر دابنرێت.

**ئای ناخودئاگای هەمیشە ئامادە!**

پاش بڵاوبوونەوەی دیالۆگێکی نەخوازراوی نێوان بێژەر و ئەکتەرێک لە تەلەفزیۆنی سنەدا خێرا چەندین کاردانەوەی جیاجیای بەلێشاو هاتنە ئاراوە کە زۆربەی هەرەزۆریان بە توندی ڕووبەڕووی ئەو مژارە بوونەوە. ئەوەی کە زۆربەی شانۆگەرییەکان و کارە شانۆییەکانی بەرنامەگەلی تەلەڤیزیۆنیی ئەم دەڤەرەی ئێمە و بە تایبەت ئەوانەی بە کوردی پێشکەش دەکرێن لە چەندین ڕووی جیاوازەوە، ئاستێکی بەرز و سەرنجڕاکێشیان نییە، حیکایەتێکی ئاشنایە و چەندین جاریش دووپاتە کراوەتەوە. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا دەمەوێ بیدرکێنم ئەوەیە کە ئەکتەری ناوبراو لە ئاسمانەوە دانەبەزیوەتە سەر زەوی و، منداڵی هەمان کۆمەڵگایە. فرۆید بە دروستی فێری کردین ناخودئاگا، ئەو هێزە گەورە و پانتاییە بەرفراوانەیە کە هەر کاتێ بچووکترین مۆڵەتی بۆ بڕەخسێت، خۆی دەردەخات. ناخودئاگا بە هۆی سەرکوتکاری و پەنگ‌خواردووییەوە لە لایەن ئیگۆکانەوە، بەردەوام لە ئامادەباشیدایە کە لە ڕواڵەتی نوکتە و جۆکدا دەربکەوێت. لە هۆشیاریدا، کە ئیگۆ ئامادەیە، ناخودئاگا گەر بزانێت کۆنترۆڵی لەسەر نییە و چاودێری ناکرێت خۆی دەدەخات. ئەو قسە نەشازەی لە زاری ئەکتەرەوە درکێندرا بەشێک لە ناخودئاگای سووژە و تەنانەت کۆنەستیش پێک دەهێنێت و زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگا ئاشنایەتیان لەگەڵ قسە و نوکتەی وەهادا هەیە و لە ژیانیاندا لانی کەم جارێک شتی وایان بیستووە. ئەوەی کە دەبێ لێی بکۆڵینەوە، هەڵسوکەوتی ئەو ئەکتەرە و درکاندنی ئەو گوتەیە نییە، بەڵکوو ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە بۆچی ئەم ڕووداوە بەم ڕادەیە لە زۆربەی کەناڵ و شوێنە جیاجیاکاندا بڵاو بووەوە و دووپات کرایەوە و بۆ ماوەیەک بوو بە قسەی سەر زاری خەڵک! ئەو دیالۆگە هەر خێرا تەنانەت بۆ سەر فارسیش وەرگێڕدرا و لە کەشی مەجازیدا بە شێوەی فرەپات بڵاو کرایەوە.

لە ڕوانگەی منەوە هۆکار و فۆرمی بڵاوبوونەوەی ئەو دیالۆگە جیاوازیی زۆری لەگەڵ هۆکار و فۆرمی ئەو قسە ناشرینانەدا نییە کە چەند ڕۆژ پێش یاریی نێوان ئێران و ئارژانتین ڕووبەڕووی مێسی کرایەو؛ هەر بە هەمان شێوەش دابڕاو نییە لەو هەڵسوکەوتەی هاندەرانی ئێرانی لە ڕووسیە لە بەردەم ئەو هۆتێلەی ڕۆناڵدۆی تێدا نیشتەجێ بوو. گەر بمەوێ تێگەهێکی لاکانی بە کار بهێنم، دەبێ ئاماژە بکەم بۆ ئەرکی فانتێزی کە لەم ڕوانگەیەوە کۆی ئەو هەڵوێست و کاردانەوەگەلە بە لێکەوتەی فانتێزیی

سووژە دەژمێردرێن. وێڕای پاڵنەرە دەروونییە تاکەکەسییەکان، تەلەفزیۆنی ئێرانی، بە هەموو کەناڵەکانییەوە ، بۆخۆی هۆکارە لە بیچم‌گرتنی ئەو فانتێزییەی کە لە ناخودئاگای سووژەدا خەملێندراوە و لەو ساتەوەختانەی ڕای گشتیشی دێتە یارمەتی، فۆرمی حەشاردراوی خۆی لە دەست دەدات و بە کردە خۆ دەنوێنێت و شێوەی کاردانەوەی کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرێت. زۆر گرنگە جیاوازی قایل بین لە نێوان ئەم کاردانەوە کۆمەڵایەتییە و ئەو شتەی لە مێژووی ئەندێشەدا بە تێگەیینی هاوبەش ناوی لێ-براوە. لە ڕوانگەی کەسێکی وەک منەوە، کاردانەوەکان بۆ ئەو ڕووداوە نەخوازراوە، نەک هەر تاوانیان کەمتر نیە لە خودی ڕووداوەکە، بەڵکوو زۆر زیاتریشیان دەکەوێتە سەر. گەر ئەکتەرەکە لە چرکەساتێکدا بە کورتی نەستی خۆی بە هۆی هەست‌کردن بە نەبوونی چاودێرەوە درکاند، بەڵام خەڵکانێکی زۆر تەنانەت ئەم جارەشیان بە شێوەیەکی ئاشکرا و خودئاگا دەوریان گێڕا لە دووپات-کردنەوەی هەمان هەڵەدا.

ئەکتەری ناوبراو لە کەشی مەجازیدا پەیامێکی بڵاو کردەوە و تێیدا بە شێوەیەکی فەرمی داوای لێبوردنی لە بەردەنگەکانی کرد. لیرەدا دەمەوێ دەستخۆشی لەو ئەکتەرە بکەم و بڵێم کارەکەی بە پێی پێوەرە مۆدێرن و مەدەنییەکان لە جێگەی خۆیدا بوو و ئەمەش مایەی خۆشحاڵی و جێگای پێزانینە. ئەو برادەرە بوێرانە دانی بە هەڵەکەی خۆیدا نا و ئەم دانپێدانانەشی لە کەشی مەجازیدا گشتی کردەوە. دەتوانین وەکوو وانەیەک سەیری ئەم کارەی بکەین کە بەردەنگ فێری ڕاستگۆیی و هەست‌کردن بە بەرپرسیاریێتی دەکات بەرامبەر بە گوتە و ئاکاری خۆی.

**گەمەکە بەردەوامە، بەداخەوە!**

سووژەی تێکەڵاوی ئەم جۆرە باسانە، لە لایەکەوە بە هۆی سەرکوتکاریی مەیلی ناخودئاگاوە و لە لایەکی تریشەوە بە هۆی سەرکوتکراویێتی لە لایەن دەزگای ئولگووسازەوە، بووە خاوەنی فانتێزییەک کە دژی خودی ئەو دەزگایە بە کاری هێنایەوە. هەموو کەسێکی ژیر لەو خاڵە تێ‌گەیشتووە کە ئەو کاردانەوە بەرفراوانە لە ڕاستیدا جۆرێک بوو لە تۆڵەسەندنەوەی دەروونی نەک تەنها دژی ئەو دەزگایە بەڵکوو لە هەمبەر کۆی ئەو سیستەمەی کە هێشتاکانێ ئەفلاتوونی بیر دەکاتەوە. لەم هاوکێشەیەدا دیالۆگی ئاماژەبۆکراو بوو بە دەرفەتیک بۆ سووژەکانی تەلەفزیۆن کە هەرچەندە دژی وەستانەوە، بەڵام گەر وردتر بڕوانین هەر دوو لایەن بە هۆی بەرهەم‌هێنان و بەرهەم‌هێنانەوەی ئایدیۆلۆجییەوە و بە حوکمی سووژەبوونەوە یاریزانی یەک گەمەن، ئەگەرچی بە ڕواڵەت لایەنێکیان واتە بەردەنگ دژی ئەوی تر، واتە تەلەڤیزیۆن، تۆپ دەهاوێژێ. لەم گەمەیەدا تەنها ئەکتەری ناوبراو بوو کە وەکوو قوربانیی هەر دوو فانتێزییەکە دەرکەوت و گوتەکەشی بوو بە دەرفەت بۆ گۆڵ‌کردن لەو لایەنەی پێشتر بۆخۆی چوارچێوە و ڕێسای یارییەکەی دارشتبوو.

**ئەرەستوو مرد، ئەفلاتوون زیندووە**

ئاخۆ لە دنیای ئێستەماندا کێن ئەو کەسانەی تاموچێژ لەو کلیپانە وەردەگرن کە تێیدا گۆرانیبێژێکی ئافرەت بەوپەڕی مەکیاژ و خۆجوانکردنەوەوە و بە جلی گرانبەهاوە لە ناو مەڕومالاتی دێهاتەکانی کوردەواریدا خەریکی دەورگێڕانە؟ کێن ئەو بینەرانەی بە دوو قسەی ئاستخوارتر لە مامناوەندی دڵیان دەگەشێتەوە؟ ئایا کەناڵە کوردییەکان تا کەنگێ لە جیاتی پێشکەشکردنی بەرنامەی وردبینانە و وردەکارانە، سروشتی کوردستان و گیا و دار و دەوەن و گوڵ و غونچە پیشانی بینەر دەدەن؟

ئەفلاتوون بۆ پێناسەی مۆرکی لاسایی‌کارانەی نواندنەوە لە ئەدەب و هونەردا پەنای دەبرد بۆ جیهانی نموونەکان کە ڕەهەندێکی بانسرووشتیی هەبوو و هەر بۆیەش وەک تێڕوانینێکی مێتافیزیکی سەیری دەکەین. بەڵام ئەرەستوو نەک هەر یەکەم مرۆڤی مۆدێرن بوو بەڵکوو بە هۆی ڕەچاوکردنی لاسایی‌کردنەوەی سروشت وەکوو واقیعی کۆمەڵایەتی و کەواتە پێوەندییە مرۆییەکانەوە، یەکەم کۆمەڵناسیش بوو. ئەرەستوو تەنانەت یەکەم کەسێ بوو کە باسی لە دەروونناسیی ئەدەب و هونەردەرمانی دەکرد چونکە نەک هەر گرنگی دەدایە کێشە ناوزەینییەکان بەڵکوو ڕاستەوخۆش باسی دەروونی پاڵاوتەی پاش بینینی بەرهەمێکی هونەری دەکرد. ئەو ڕوانینە خەرمانەیی و پڕ لە پیرۆزییەی بۆ سروشت کە لە لایەن کاناڵەکانەوە بەرهەم دەهێنرێتەوە نەک هەر خزمەتی گیانی نیشتمانپەروەری ناکات بەڵکوو هەنگاوێکی گەورەش لە واقیعی ئێستامان دوور دەخاتەوە. هەڵسوکەوتی سووژەی بەرهەمهێنراوی دەزگاکانی ڕاگەیاندان بۆ سروشت و زێد و نیشتمان دەمخاتەوە بیری ڕوانگە ناواقیعییەکانی ئەفلاتوون بۆ واقیع و ئەو فیکرەیەی کە دەڵێ لە ناو ئەشکەوتێکداین و واقیعی حەقیقی لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەیە. ئەز نازانم ئایا بیست و پێنج سەدە پاش ئەرەستوو کەمە بۆ سووژەی کوردی یەک تۆز بە جیدییەتەوە ئاوڕ لە واقیعنوێنی بداتەوە.

وەرن با پێکەوە زۆر بە کورتیش بووە کۆمەڵێ ڕوانگەی ئەفلاتوونی بەسەر بکەینەوە: لە کتێبی *یۆن*دا هونەرمەند بە گشتی و شاعیر بە تایبەتی بە ناواقیعی و تەنانەت خەڵەفاو ناو دەبات کە نزیک دەبێتەوە لە شێتی. لە *کۆمار*دا سووکایەتی بە شاعیران دەکات و پێی وایە ژیانی تاراوگە بۆ وان باشترە تا ئەوەی لەو وڵاتەدا بژین و بەم چەشنە دەبێتە یەکەم کەس کە هونەرمەند و ڕۆشنبیر لە زێدەکەی خۆی دوور دەخاتەوە. لە کتێبی *یاساکان*دا پێی وایە ڕۆشنبیر و ئازادی کوجا مەرحەبا و، هەر بۆیەش پێویستە پارێزەرانی دەسەڵاتە خەیاڵییەکەی، چاودێریی وردیان هەبێ لەسەر بەرهەمەکانی ڕۆشنبیر لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە و بەم چەشنەش دەبێتە یەکەم کەس لە مێژوودا بە ئاشکرا باسی پێویستیی سانسۆر بکات. تۆ بڵێی ئەمە لە شێوەڕوانینی کام دەسەڵاتی ئێستای جیهانی بچێ؟

ئەو چەشن و نموونانەی دەزگاکانی لای ئێمە درخواردی بینەری دەدەن نەک دەچنە خانەی واقیعخوازییەوە و نەک وەکوو واقیعنوێنی پۆلێندەکرێن. گریمان، بە تۆزێ چاوپۆشییەوە، یەکێک بێ لەو دوانە؛ بەڵام ئەمە نەک هەر کۆتایی کێشەکان نییە بەڵکوو سەرەتاکانی چارەسەرکردنیەتی. لە ساتەوەختێکی وەهادا تازە بە تازە کارە سەرەکییەکەی ترمان دەست پێدەکات: پێناسەی واقیع بۆ سووژەی کوردی چییە؟ ڕوونتر بڵێم: واقیعی سووژەی کوردی کامەیە؟ لە ئەنفال و کیمیاباران و بۆمباراندا سروشتی بێگەردی کوردستان لە پێگەی واقیعی دەرەکیدا شێوێندرا؛ ئایا نۆرەی گەڕانەوە نییە بۆ واقیعی ناوەکی کە هەمان دۆخی نالەباری سووژەی کوردییە؟ تا کەنگێ بڕیارە ناهاوسەنگی و کێشە ناوەکییەکان و لێکدابڕاوێتیی زەینیی سووژەی کوردی لە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر پەرەدەسێنێ وە پشت‌گوێ بخرێن؟

**زاراوەیەک، پاش شانزە ساڵ**

ئایا دەزگا ئولگووسازەکان بۆخۆیان تاوانبار نین لە گرنگیدانی لاوان و تازەلاوان بەو نموونە سادە و ساکار و ناهونەریانەی موزیکی پاپ؟ ئاخۆ چ پێوەندییەک هەیە لە نێوان ئاوڕنەدانەوە لە ئەدەب و هونەری جیدی لە لایەن دەزگا ئولگووسازەکانەوە لەگەڵ شکڵگرتنی ئەو جۆرە کاردانەوەگەلە؟ لە شارستانیەتی ڕۆمی کەونارا، هەر کە هۆراس هەوڵی دا بە هۆی گرنگایەتیی پەیام و ناوەرۆکەوە و بە بۆنەی وەفاداربوون بە ئەرکی فێرکارانەی بەرهەمەوە، جوانیی دەقی ئەدەبی بخاتە پەراوێزەوە، خێرا لانگینیووس سەریهەڵدا و لە کتێبی *سەبارەت بە بابەتی بەرزەجێ*-دا ئاماژەی بۆ جوانی و خۆبژیوی و پێکهاتەی هونەریی بەرهەم کرد. لانگینیووس تاموچێژی خوێنەری خستە سەرووی ئەرکەکانی تری ئەدەب و هونەرەوە. ئێمە هێندە دوورین کە تەنانەت پاش دوو هەزار ساڵ بەسەر دانانی بەرهەمە دانسقەکەی لانگینیووس‌دا هێشتا بۆ هاوواتای پڕبەپێستی ناونیشانی کتێبەکەی دەستەوەستان ماوینەتەوە.

ئەی بەرنامەداڕێژەرانی دەزگا ئولگووسازەکان! ئەی کارمەندانی خەمخۆری ناوەندەکانی پێش ڕاپەرینی کۆپەرنیکی! ئەی ئیگۆوە ئایدیۆلۆجیکەکان! ئەی بەردە-لە-ئاگر-گەرمترەکان! ئەی کەواسوورانی بەر قافڵە! لانگینیووستان پێشکەش، تەنانەت گەر هۆراسیانەش بۆ پرسەکە بڕوانن، فێرکاری و چێژ هەر کامەیان نیوەیان بەر دەکەوێ! لە دەزگاکانی ئەم ناوچەیەدا بەرهەمەکان یان بە تەواوەتی و سەدلەسەد فێرکارانەن، یان بە پێچەوانەوە، تەنها دەیانەوێ چێژ ببەخشنە بینەر کە ئەویش هەمان چێژی ئاستمامناوەندیی و خوارووی مامناوەندییە؛ ئەمەش ئەو چێژەیە کە مەبەستی زەینییەتی ساکارساز و بچووک‌کەرەوە و گشتیبێژە. بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە چێژە دەکەیتە ئەستۆی سوبژێکتیڤیتەی ئایدیۆلۆجیک و پاشان بە هۆی سەرلەنوێ دووبارەبوونەوەوە سووژە خووی پێدەگرێ. ئەم جۆرە چێژە زۆر

نزیکە لەو چێژەی فیلیستینەکانی ڕۆژنامە زەردەکانی چاخی ڤیکتۆریا دڵیان پێ خۆش بوو. ئەم چێژە هاوشێوەیە لەگەڵ چێژی تیژتێپەڕ و ڕووکەشیانەی مێلۆدییە کورتەکان، ئەو چێژەی کە سەرەتا بە هۆی داهێنانی کورتمەودای ئاوازدانەرانی مووزیکی پاپەوە و پاشان لە قۆناغێکی تردا بە گوێرەی حەز و ویستی پیاسەوانەکانی کەشی مەجازییەوە هاتووەتە کایەوە .

دەمێ ساڵە پیداگری لەسەر زاراوەی «هاوکێشەی جوانیناسانەی هاوچەرخ» دەکەم و پێشتر بە وردی پێناسەیم کردووە و تەنانەت بەشێکی کتێبێکیشم بۆ تەرخان کرد. ئایا ئەو کارە شانۆییانەی لە دەزگایەکی وەک تێلێڤیزیۆندا بڵاو دەکرێنەوە بە مووزیک و جووڵەی ناو کلیپەکانیشەوە، توانیویانە بایەخێکی هونەریی ناڵێم هەتاهەتا و بەڵکوو تەنها تا ڕادەیەک درێژخایەن بۆخۆیان دەستەبەر بکەن؟ ئایا دانان و برەودان بە کۆمەڵێ قاڵبی شیعریی کلاسیک وەک غەزەڵ و قەسیدە و جووتسەروای سەردەمانی زێڕینی ڕابردوو – گەر هەمانبێ – نزیکەی پێنج سەدە پاش مەلای جزیری پیشاندەری فەرهەنگێکی بزۆز و بگۆڕە یان وێستاو و نەگۆڕ و پەنگخواردوو؟ هۆکار چییە کەناڵە کوردییەکان لە جیاتی گرنگیدان بە ئەدەب و هونەر و ڕوانینی نوێ خەریکی نواندنەوەی ئەو بێژەرانەن کە لە شوێنێکی دەرەوەی شاردا و لە «سرووشتی پاک و بێخەوش»دا و لە کەنار ڕووبارێکی ڕەواندا بە هێمنی و بەوپەڕی خەمساردی و سرییەوە لە هەمبەر کێشە هەنووکەییەکاندا خەریکی وتنەوەی غەزەڵن لە کەشێکی ڕۆمانتیکدا؟ ئاخۆ کەنگێ قۆناغی پێشمۆدێرنی مە تەواو دەبێ؟ ناسینی کۆی پاژەکانی سامان و کەلەپووری فەرهەنگی، بۆ مە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و وەک دەزانرێ بەردی بنەڕەتی ئەو سیستەمە فەرهەنگییەیان داناوە، بەڵام ئاخۆ چارەنووسی ئافراندنی بیری نوێ و قاڵبی نوێ و شێوازی نوێ دەکەوێتە کوێی ئەم هاوکێشەیەوە؟ ئایا ئەم شێوە ڕوانینە لە ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکانی تردا وە بەرچاو ناکەوێت؟ فیلم و سینەمای کوردی چ دورێکی ڕووخێنەری هەبووە لەم هاوکێشەیەدا؟ ئایا سیستەمی فەرهەنگیی ئێمە وەستاوە یان بگۆڕ؟ بۆچی پەرە بە ناهاوسەنگیی ئەو مۆدێرنیتەیە دەدەین کە بۆخۆی هەر لە سەرەتاوە و تەنانەت ئێستاکەش بە شێوەی ناهاوسەنگ و ناگشتگیر و کورتخایەن و ڕووکەشیانە ڕووی تێکردووین؟ ئەرکی دەزگاگەلی ئولگووساز لە بزۆزی و بگۆڕیی فەرهەنگیدا چییە؟ بۆ کەس باسی دینامیزمی فەرهەنگی ناکات؟

سنە، ڕەشەمەی ١٣٩٧ی هەتاوی